# قسەکانی موفتی هیلالی رەنگ دانەوەی پێگەی ژنانە لە ئیسلام دا..!

(موزەفەر عبداللە)
mozafar_as@yahoo.com

تاجەدین هیلالی موفتی ئوسترالیاو نویزیلندا ماوەیەک لەمەوبەر لەبارەی ئیغتیسابی ژنانەوە ووتبوی کە ئەو ژنانەی ئیغتیساب دەکرێن زۆربەی هەرە زۆریان تاوانی خۆیانە بەهۆی خۆرووتکردنەوەیان.خۆر رووتکردنەوەی ژنان وەک ئەوەیە وایە کە پارچە گۆشتێک بکەیتە بەردەم گیانداریکەوە.ئەم قسانەی ناوبراو بوە هۆی شەپۆلێک لە نارەزایەتی لە ئوسترالیاو تا رادەیەکیش لەجیهان.وە لە دامودەزگاکانی ئوسترالی و جیهانی ئەم شەپۆلە نارەزایەتی یە بە تەواوی رەنگی دایەوە.

تا ئەو جیگەیەی دەگەرێتەوە بە خودی قسەکانی موفتی یەوە ئەوەیە کە ئەم قسانە سەبارەت بە ژنان نە لە گیرفانی خۆیەوە دەری هیناوەونەئەویش یەکەم کەسایەتی ئیسلامە ئەم قسە کۆنەپەرستانە دەکات. بەلکو ئەو قسانە رۆژانە لە لایەن کەسانی ئیسلامی کۆنەپەرستەوە دەرکرێن و سەرچاوەی ئەو قسانەش راستەخۆ ئایینی ئیسلامە کە بەرنامەکەی قورئان و حەدیس و سوننەکانی محمدی پەیامبەریانە.

بۆ هەر مرۆڤیکی ئازادیخواز ئەگەر لە روانگەی ئینسان و مافەکانی ئینسانەوە بروانێتە ژنان و سەرنجێک لە روانگەی ئایینی ئیسلام بدات بە ئاشکرا بۆی دەردەکەویت کە پێگەی ژنان چی یە لە ئیسلام دا.بۆیە قسەو کردەوەی ئەم موفتی یەو هەزاران پیاوی ئیسلامی تر و گوفتاروەفتارو کردارتەواوی دەولەت و رەو ت حزبە ئیسلامی یەکان رێک لە خودی ئاینی ئیسلامەو سەرچاوەی گرتوە.

تا ئەو جیگەیەش دەگەرێتەوە بە رەخنەو نارەزایەتی یەکان بەرامبەر بە قسەکانی موفتی ئەمانەش سەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیەو مەرج نی یە هەمویان لەروانگەیەکی رادیکالانەو دیفاع لە مافەکانی ژنانەوە بێت، نەخیر.بە تایبەتی تا ئەو جیگەیەی دەگەرێتەوە بە قسەو رەخنەی کەسایەتی یە ئیسلامیەکان لە ئاستی ئوسترالیا.زۆرێک لەوانە پێیان وایە ئەو قسانەی موفتی ناکۆکە بە ناوەرۆکی ئایینی ئیسلام و تەنها قسەیەکە لە زاری یەوە دەرپەریوە بۆیە دەیانەوێت تەنها بە داوای لێبوردنیک هەم موفتی و هەم ئیسلام دەرباز بکەن لە شەپۆلی نارەزایەتی یەکان.

بەلام تا ئەو جیگەیەی دەگەرێتەوە بە رەخنەو نارەزایەتی سەرەک وەزیرانی ئوسترالیاو هەندێک لە وەزیرەکان لەوانە وەزیری تەندروستی و خەزینەو...هتد جگە لەوەی دەگەرێتەوە بۆ هەولیان بۆ لابردنی ئەم موفتی یەو گۆرینی بە کەسیکی تر کە جێی رەزامەندی ئەوان بێت وەک حکومەتی ئوسترالیاو، لەو مەلاو موفتیانە بێت کە لە روانگەی ئەوانەوە میانەرەو بێت .هاوکات لایەنێکی رەخنەی ئەوانە لە روانگەی نەژادپەرستی یەوەیە. چونکە ئەمرۆ هەر ئەم حکومەتەی لیبرالی راسترەوە کە لە پال ئەوەی گەورەترین هێرشی کردۆتە سەر مافەکانی خەلکی ئوسترالیا هاوکات گەورەترین هێرشی بردۆتە سەر مافەکانی پەنابەران و سیاسەتێکی زۆر نەژاپەرستانەی هەیە لە بەرانبەران خەلکانی غەیری ئینگلۆسەکسۆنی .وە پیادەکەری سیاسەتی فرە فەرهەنگی یە کە ئەم سیاسەتە خۆی لە خۆیدا سیاسەتیکی نەژاپەرستانەیەو مەبەست لێدابرانی ئیسنانەکان لە یەکترەو چاوپۆشی کردنە لە مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی ژنان.ئەمە جگە لەوەی هەر لە سایەی ئەم سیاسەتی فرە فەرهەنگی و بالا دەستی ئەم حزبە لیبرال و نیو لیبرالانەیەیە کە گەورەترین ئیمکانیاتیان خستۆتەبەردەم داموم دەزگا ئاینی یەکان بە گشتی و ئیسلامی یەکان بە تایبەتی.ئەوەتا ئەم دەولەتەی جۆن هاوەرد کە ئیستا رەخنە لە موفتی دەگرێت گەورەترین ئیمکاناتای مالی خسۆتە گەر بۆ کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆی ئیسلامی و بۆ دەرچونی مەلاو موفتی تایبەت لە ئاستی ناوخۆی ئوسترالیا.دیارە ئەم سیاسەتە ئەمرۆ نەک هەر لە ئاستی ئستراليا پەیرەو دەکرێت بەلکو زۆربەی هەر زۆری حکومەتەکانی رۆژئاوا لە پێش هەمویانەوە دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا باشترین خزمەت بە ئایین بە گشتی و ئیسلام بە تایبەتی دەکەن.وە هەر بەهۆی سیاسەتی دژی ئیسنانی ئەم حکومەتانەیە کە ئەمرۆ ئەم لۆمپەنانە لە خودی وولاتانی رۆژئاواش پی درێژی بکەن لە پێشیل کردنی مافەکانی ژنان و لاوان و منالان . وە لە گەرەکە کۆچبەرنشینەکان مزگەوت بکەنەوەو دەیان قوتابخانەی ئایینی بکەنەوەو حیجاب و ژن بەژن و بەزۆر بەشودان و گەورە بە بچوک و سیغەو دەیان رەسم و سونەتەی تری کۆنەپەرستی تر فەرز بکەن و بکەن بە باو.

لە راستی دا ئەم مەلاو موفتی و گروپ و رێکخراوە ئیسلامیانە کە بە دەیان ناوی کۆمەکی کۆچبەرو خێرخواز خۆیان شاردۆتەوە هەمویان کلکی ئەو حزب و حکومەت و دەسەلاتە سیاسی یانەن کە لە رۆژ هەلات و وولاتانی بە ناو ئیسلامی وەک ئێران و سعودیەو

ئەفغنسان و سۆدان چەندین وولاتانی تر هەن وە ئاکامەکشی هەموی بە قازانجی نوکی ئیسلامی سیاسی یە کە پیشەنگەکەیان قاعدەو هاوشێوەکانیتی .

بەلام لە بەرانبەر ئەم رەخنەو نارەزایەتیانە کە لە گلەیی و سەرکۆنە زیاتر تێپەر نابێت، رەخنەو نارەزایەتی قولی رادیکالانەی بەرینی خەلکی ئازادیخوازە. بە تایبەتی رۆشنبیران و نوسەران و هەلسوراوانی مافەکانی ژنان و منالان و لاوان کەسانی مولحدو عەلمانی یەوە. وە لە پێشی پیچشیانەوە کۆمۆنیستە کریکار یەکان.کە رەخنەو نارەزایەتی رادیکالانەو تیژیان هەیە لەهەر شوێنیکی ئەم جیهانە کە هەبن. رەخنەی ئەمانە تەنها خودی موفتی و مەلاکان تاوانبار ناکات لە دەرپەراندنی ئەم قسانە، بەلکو واقعبینانە دەست بۆ ریشەی ئەم قسانە دەبات و سەرجەم ئیسلام و ئیسلامی سیاسی دەباتە ژێر پرسیارەوە.بۆیە پێویستە هێزی ملیۆنی خەلکی ئازادیخواز لە دەوری ئەم رەخنەو نارەزایەتیانە کۆبکرێتەوە و ریکبخرێت لە بەرانبەر ئیسلام و ئیسلامی یەکان بە دەولەت و رێکخراو و حزبەکانیانەوە، وە هەم لەبەرانبەر ئەو سیاستە دژی ئیسنانی و نەژادپەرستی یە کە لە لایەن دەولەت و حزبە لیبرال و راستەکانەوە پەیرەو دەکریت.

کۆتایی ئۆکتۆبەری 2006 _ سدنی